Aso-722-20-05-2008

## شیعر پێناسەی نییە

# خوێندنەوەی (زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا)ی فەرهاد شاکەلی

خەڵەف غەفور

یەکێک لەو شتانەی لە ئێستادا بۆ ئێمە زۆر گرنگە کردنی پرسیاری جدییە. بۆ ئێمەی نەوەی پاش ڕاپەڕین گرنگە لە ڕێگەی وەڵامی لێزان و ئەزمووندارانی خۆمانەوە ئاشنای چەمک گەلێک بین کە پێویستمان بەزانینییەتی. ئەمە بۆ هەموو ژانرەکانی ژیان و ئەدەب دەبێت و گرنگیشە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە قسەی لەسەر بکەین.

زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبای فەرهاد شاکەلی کە لەم ماوەیەدا بوو بە یەکێک لە زنجیرە چاپکراوەکانی پرۆژەی (تیشک)، بریتییە لە (١٥) دیمانەی ئەدەبی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پرسی پەیوەندیداری بە ئەدەب و ژیانەوە تێدا وروژێنراوە و فەرهادیش وەک ئەوەی جگە لە شاعیر زمانزان و تارڕەیەکیش ئاگاداری پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانە تێڕوانینەکانی خۆی خستووەتەڕوو. لەنێو پرسیارەکانی ئەو (١٥) دیدارەدا من چەند هەڵوەستەیەک دەکەم کە وەک خوێندنەوەیەک دەیخەمەڕوو ئەگەرچی شایانی زیاتر لەسەر وەستان و قسە لەسەرکردنە.

### شیعر پێناسەی نییە

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هیچ ژانرێک بەقەدەر شیعر وجودی نەبووە و نییە، بەڕادەیەک زۆرجار ئەوە دەوترێت کورد هەموو شاعیرن.

ئەم تێڕوانینە ئەوەی لا ساغنەکردووینەتەوە کە تاکو ئێستا خەرمانی شیعری ئێمە لە ئاستە جیهانییەکەیدا باڵای چەندە و جیهانبینی ئێمە بۆ شیعر چییە؟ بۆچی خاوەن پێناسەیەک نین بۆ شیعر و نەمانتوانیووە ئەو پێناسەیە بکەین؟ ئایا ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە شیعر هێندە ئاڵۆزە بۆیە ئێمە نەمانتوانیووە پێناسەی بکەین؟ ئایا ئەوە ڕاستە لە ئاستی نوخبەی شاعیراندا هەمیشە تەئکید لەوە دەکرێتەوە شیعر پێناسەی نییە؟ چۆن و بۆچی؟

شاکەلی لە وەڵامی ئەوەی داوای پێناسەی شیعری لێدەکرێت دەڵێت: «من هیچ پێناسەیەکم بۆ شیعر نییە و پێشم وانییە هیچ پێناسەیەکی چوارگۆشەی لە قاڵبدراو بتوانێ وزەی لەبن نەهاتووی شیعر لەناوخۆیدا بەند بکات».

### شاعیر بۆ کێ دەنووسێت؟

نووسین پرۆسەیەکی خودیە بەرلەوەی جۆرێک بێت لە شنەبای دەرەوەی خود و مرۆڤ ناچاربێت بنووسێت. ئایا مرۆڤ لە پرۆسەی نووسینەوەی خودی خۆیدا ناچارە بۆ چین و توێژێکی دیاریکراو بنووسێت یان دەبێت مرۆڤەکان (خوێنەر) ناچار بکات بە دوای زمانی وی دا بگەڕێن و لە ئاڵۆزییەکانی بگات؟ داهێنەری گەورە لە کوێدا دەردەکەوێ، زمان یان ناوەڕۆکی باش و شتی تریش؟ ئایدۆلۆژیا چ کاریگەرییەکی لەسەر زمانی نووسینی شاعیر هەیە؟

شاکەلی لە وەڵامی ئەوەی بۆ کێ دەنووسێت دەڵێت: «ڕەنگە شاعیرێک کە ئیدۆلۆژییەکی تایبەتی هەبێت بەلایەوە گرنگ بێت کە هەموو کرێکار و جوتیاری کوردستان بەرهەمەکانی بخوێننەوە. من نە ئەو (تموح)ەم هەیە و نە پێشم باشە شیعرێک بنووسم کە هەموو کەس تێی بگات».

### شاعیر لە شێتییەوە نزیکە

زۆرجار قسە لەسەر ئەوە دەکرێت دنیای شاعیر، دنیایەکی تایبەتە. هەروەک چۆن خودی شاعیر جیاوازترە لە خودی مرۆڤێکی تر ئیدی هەرچی مرۆڤێک بێت. کاتێک شاعیر دەیەوێت پیشەیەکی تر بکاتە هاوڕێی خودە شاعیرییەکەی مەترسی کوشتنی داهێنانی شیعری لێدەکرێت. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت شاعیر نابێت شتێکی تر بکات کە ڕەنگە سۆز ڕۆڵی تێیدا نەبێت و جۆرێک بێت لە ئەکادیمی بوون و پەیوەندار بێت بە پەیداکردنی بژێوی ژیانەوە؟ ڕاستە شاعیر کائینێکی ناعەقڵانییە؟

شاکەلی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی شاعیرێتی و ئەکادیمیبوون چۆن بەیەکەوە دەگونجێن دەڵێت: «ژیانی شاعیرانە برێک ناعەقڵانییە، ڕێکوپێک نییە، بەڵام ژیانی ئەکادیمیی ناچارت دەکات دیسپلینت هەبێت و ڕێوشوێن و شێوە ژیانێکی ناعەقڵانی بژییت، ئەمە لە نووسیندا بەتەواوی ڕەنگدەداتەوە، ژیانی شاعیرانە ناهێڵێ ئەکادیمییەکی باش بم و ژیانی ئەکادیمییش ناهێڵێ شاعیرێکی باش بم».

ئایا ئەمە هاو پەیوەندە بەوەی کە دەگوترێت «لەنێوان بلیمەتی و شێتیدا تاڵە موویەک هەیە؟».

### نوێخوازی ئاگرە

پرسی نوێخوازی یەکێکە لەو مەسەلە جەوهەریانەی مرۆڤ نابێت ئالودەی نەبێت. بۆ مرۆڤێک خەون بە ژیان و بەرهەمی باشترەوە ببێنێت ئەبێت داهێنان و نوێخوازی وەک یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی سەیر بکات و بەردەوام بیری لێبکاتەوە.

نوێخوازی لە مەسەلەی بەرهەمهێنانی دەق و وێنەی جوان و ئاراستەکردنی قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبیدا بە ڕووی چۆنێتیدا (نوعی) وەک مەسەلەی پێویستی مرۆڤ بە نان و ئاوە. شاکەلی تێڕوانینی خۆی بەم شێوەیە بەرامبەر نوێخوازی دەخاتەڕوو «من نوێخوازی وەک ئاگر دەبینم. تۆ ئەگەر بتەوێت ماڵەکەت گەرم ڕابگری، دەبێت ئەو ئاگرە هەمیشەیی و بەردەوام بێت و گڕی بەرز بێتەوە و بتوانێ ڕووناکی و گەرمایی بدات بەماڵەکەت. نوێخوازی ئەو هەستەیە، ئەو بەشەیە لە سروشتی مرۆڤێک بەتایبەتی هونەرمەندێک، تائەو ڕۆژەی دەمرێ، دەتوانێ هەر بەردەوام بێت و گڕ و تین بدات بەخۆی و خۆی تازە بکاتەوە».




### شیعر هەموو شتێک نییە

وەک وترا شیعر ڕووبەرێکی فراوانی ئەدەبی کوردی داگیرکردووە، بەڵام شیعر ناتوانێت هەموو شتێک بکات. ئەمەش پەیوەندی بە مەرج گەلێکی قورسەوە هەیە کە بووەتە شوناسی شیعر. بۆیە لەهەرحاڵدا نابێت تەنها خۆمان بەشیعرەوە خەریک بکەین و ژانرەکانی تری ئەدەب فەرامۆش بکەین و لەحاڵی واشدا بواری ئەدەبیمان دەکەوێتە بەر مەترسی پووکانەوە و ئەمەش پێویستی بە لەسەر وەستانی زیاتر هەیە. خۆ ناکرێ ئێمە تەنها شیعر بەرهەم بێنین، ئاخر هاوشانی ئەمە شت هەنە بە شیعر ناوترێن.

شاکەلی ئەمە وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: «ئەوەی کە شیعر شێوەی هەرە زاڵی دەربڕینی ئەدەبییە لای کورد، بێگومان دیاردەیەکی باش نییە، ئەگەرچی ئێستا پێموایە ئەم دیاردەیە برێک گۆڕاوە و پەخشان تاڕادەیەکی باش تەکی بە شیعر هەڵچنیووە. تۆ ناتوانی ئەدەبیاتی نەتەوەیەک لەچوارچێوەی شیعردا بەند بکەیت. بێجگە لەوەیش شیعر بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵێ مەرجی قورسی هەیە، ناتوانێت ببێتە کەرەسەی دەربڕینی، یان نووسینی، هەموو شتێک».

### ئەدەبی کوردی لە قەیراندایە

بێگومان ئەدەبی کوردیش هاوتای لایەنەکانی تری ژیانی کوردەواری لە قەیراندایە، ڕەنگە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە ڕەگ و ڕیشەکەی لە مێژوودا بێت بەوەی کورد زمان و خاک و ناسنامە و کلتوورەکەی لەبەردەم مەترسی لەناوچوون و فەوتاندا بووە و بەردەوام هەڕەشەی لەسەر بووە. ئەمە وایکردووە کورد بواری فێربوون و خوێندن و داهێنانی بە زمانی خۆی لێ زەوت بکرێت. ئەگەرچی ڕاپەرین ناوبڕێکی مێژوویی دروست دەکات و کوردستان جۆرێک لە ئازادی مومارەسە دەکات و خۆمان حکومی خۆمان دەکەین، بەراورد بەمە بواری فیکر و ئەدەب بزاوتێکی چالاک نییە ئەگەر هەر لە ئاستی نەبووندا نەبێت. شاکەلی ئەم قەیرانە بەڕوونی لە زمانی گەردەلوول و خەونی شنەبادا باس دەکات و هەڵوەستەیەکی جدی لەسەر دەکات. ئەو دەڵێت: «لە کوردستاندا بزاوتی فکری و ئەدەبی نابینم، ئەگەر ئێوە مەبەستتان ئەوەیە دەیان و سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دامەزراون و سەدان کتێب چاپدەکرێن و ئینتەرنێت و فاکس و مۆبایل و دوا مۆدێلی ئۆتۆمبێل وڵاتەکەی داگیرکردووە، ئەمە نەفکرە و نە فەرهەنگ، بەڵکو بەرهەمی ئەو بیرە ستراتیژییەی سیستەمی سەرمایەدارییە کە دەیەوێ وڵاتانی دنیا (وڵاتانی هەژارستان) بکاتە سەرانگوێک (سرکەوان) بۆ کاڵا و بەرهەمەکانی خۆی. بێ هیچ نەخشەدانانێکی ژیرانە و لێزانانە فەرهەنگ ناتوانێ ببێتە بزاوت و وزە و هێزێکی وا کە کۆمەڵگە بگۆڕێت و مرۆڤەکان بە پەیژەی شارستانیەتدا پلەیەک، دوو پلە سەربخات».

*** زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا، فەرهاد شاکەلی، ساڵی چاپ:٢٠٠٨، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک.**